# کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانانی  کوردستان: پێویستە رۆژنامەوانان خاوەن هەڵوێست بن بەرامبەر کۆنگرەی دووەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی دووەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە، کە بڕیارە لە 27ی ئەم مانگەدا لە شاری هەولێر ببەسترێت، بەبەشداری نزیکەی 363 کەس، کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنانەوانانی کوردستان ڕاگەیێنراوی خۆی ئاراستەی ڕۆژنامەوانانی کوردستان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کوردستان دەکات و کۆمەڵێ خاڵ دەخاتە بەردەستی کۆنگرە و ڕۆژنامەوانانی خاوەن هەڵوێست و ئەزموون لە بواری کاری ڕۆژنامەوانیدا و داوایان لێ دەکەین بە ئەرکی مێژوویی خۆیان هەڵسن و نەبنە هۆی زیاتر تێکدانی باری ئازادیی ڕۆژنامەوانی و کاری ڕێکخراوەیی لە باشووری کوردستاندا.

بەڕێزان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو لەو کۆنگرەیەدا بەرپرسیارن بەرامبەر گەلی کوردستان و ڕێکخراوەکانی تری ڕۆژنامەوانان و خودی ڕۆژنامەوانانی کوردستان و پیان ڕادەگەیننین:

1- بە داخەوە سەندیکای ڕۆژنامەونووسانی کوردستان هیچ ڕێکخراوێکی ڕۆژنامەنووسان لە باشووری کوردستانی میوان نەکردوە بۆ بەشدار بوون لە کۆنگرەکەیاندا  چ بە مەبستی بەشداربوون لە کۆنگرەدا یان  چاودێری، کە یەکێکە لە سەرەتاییترین برنسیپەکانی کاری ڕێکخراوەیی و پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوەکانی پێشەییدا.  ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە سەندیکای ڕۆژنامەونووسان ئامادە نییە هاوکاری لەگەڵ هیچ ڕێکخراوێکی تری ڕۆژنامەوانان بکات و خۆی بە تاکە ڕێکخراوی ڕۆژنامەوانان دادەنێت ئەمش بە پێچەوانەی پرۆسەی دیموکراسی و کاری ڕێکخراوەییە .

2- بە داخەوە زانراوە کە شێوەی ئامادەکردنی ئەو کۆنگرەیە بۆ خودی ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەونووسانی کوردستانیش ئاشکرا نەبوو، و چەندین کەس کراونەتە ئەندامی کۆنگرە بە بێ ئەوەی لە برۆسەی دەنگداندا بەشدار بن. بە گوێرەی هەندێ زانیای زیاتر لە 25% بەشداربووان بە تەزکییە کراونەتە ئەندامی کۆنگرە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەنجامەکانی ئەو کۆنگرە دەخاتە گومانەوە .

3- ئاشکرایە دەیان ڕۆژنامەوانی لێهاتوو لەو لەو کۆنگرەیەدا بەشدار دەبن . بەشداربووان بەرپرسیارن بەرامبەر جەماوەری کوردستان و ڕێکخراوەکانی تری ڕۆژنامەوانان و هەموو ڕۆژنامەوانانی کوردستان ، و هەر لاپێچەیەک لە یاسای کاری ڕۆژنامەوانی جیهانی و میشاق شەرەفی ڕۆژنامەوانی کوردستان کە ڕێکخراوەکەمان دانی پیادەنێت، بە لاپێچەیەکی گەورە دادەنرێت.

4- تاوەکوو ئێستاش سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پرۆژەی بەدیلی نییە بۆ ئەو یاسایەی هەر خۆیان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانیان کردبوو و لەم دوایە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند کراوە  و لە جێگای نارەزایەتی جەماوەر و ڕۆژنامەوانان بوو.  دیارە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەیەوێت ئەم جارەش یاسایەک ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکات بە بێ ڕەزامەندی ڕۆژنامەوانانی کوردستان، ئەمەش واتای ئەوەیە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان سوورە

لەسەر بە پەراوێزکردنی ڕۆژنامەوانان و دوورخستنیان لە بڕیاردان. بۆیە داوا لە ڕۆژنامەوانان دەکەین پرۆژەیەکی کۆنکرێت بخەنە بەردەستی کۆنگرە .

5- نامانەوێت پێش ڕۆداوەکان بکەوین و هەر لە ئێستاوە ئەنجامەکانی ئەو کۆنگرەیە ڕابگەیەنین، بەلام هەموو زانیاریەکان بۆ ئەوە دەچن کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ناتوانێت لە ژێر کارتێکردنی پارتی و یەکێتیدا دەربچێت و بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە کار بکات. هەر بۆیەش دابەزین بە شێوازی لیستی هاوبەشی هەڵبژاردن دەبێ لە لایەن کۆنگرەوە ڕەد بکرێتەوە بۆ ئەوەی بڕۆسەی دیموکراسی ڕێگای ئاسایی خۆی بگرتە بەر .

هیواداریین ڕۆژنامەوانانی بەشداربوو لە کۆنگرەی دووەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا سەرکەوتوو بن لە کارەکانیادا دژ بە پارتایەتی کردنی ڕێکخراوەکەیان،و لەو ئاستی پێداویستیەکانی ئەم قۆناغەی ڕۆژنامەنووسانی باشووری کوردستاندا بن و ئامادەنەبن خۆیان بچەوسێنەوە .

**کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان**
Ko_b_r_ku@yahoo.com

2007-12-26